# غمبر خودا صل الل عل وسلم بخشندترن وسخترن س بوو ل نو خدا، ول مان مزانشدا بخشندتر بوو زاتر ل موو اتان تر، ات جبرل عله السلام دات ب لا

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- بەخشندەترین وسەخیترین کەس بوو لە نێو خەڵکیدا، وله مانگی ڕەمەزانیشدا بەخشندەتر بوو زیاتر لە هەموو کاتەکانی تر، کاتێک جبریل -علیه السلام- دەهات بۆ لای، جبریل هەموو شەوێکی مانگی ڕەمەزان فێری قورئانی پیرۆزی دەکرد وپێداچوونەوەی لەگەڵ دەکرد، بۆیە پێغەمبەری خودایش -صلی الله علیه وسلم- سەخیتر بوو لە خێرکردندا زیاتر لە خێرایی شنه بای نێردراو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەخشندەترین کەس بوو لەنێو خەڵکیدا، وزیاتر بەخشندە دەبوو لە مانگی ڕەمەزاندا ؛ چونکە ئەوەی پێویست بوو دەیبەخشی بە ئەوەی شایستەیە، ودوو هۆکار هەیە بۆ زیادبوونی بەخشندەیی لەم مانگەدا: یەکەم: جبریل -علیه السلام- سەردانی دەکرد. دووەم: خوێندنەوە وپێداچوونەوەی قورئان، مەبەست لێی پێداچوونەوەیە بە لەبەرکردنەوە. بۆیە جبریل -علیه السلام- پێداچوونەوەی پێدەکرد لە هەموو قورئاندا، وپێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- بەخشندەترین وچاکەکارترین وخێرخوازترین وبەسوودترین مرۆڤ بوو بۆ خەڵکی خێراتر لە بایەکی خۆش وفێنك کە خوای گەورە دەینێرێت بۆ دابەزاندنی باران وڕەحمەت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6179

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee